## دور السكان في التنمية الزراعية في إدارة رابرين

**1 - م.دلێر خاليد حسن**
محاضر وطالب دكتوراه في قسم الجغرافيا، كلية العلوم الإنسانية، جامعة رابرين، رانيه ، إقليم كردستان، العراق
**dler.khalid@uor.edu.krd .**
**2 - أ.م.د بێستون احمد حسين**
محاضر وطالب دكتوراه في قسم الجغرافيا، كلية العلوم الإنسانية، جامعة رابرين، رانيه ، إقليم كردستان، العراق
**bestoon.78@uor.edu.krd**

**الكلمات المفتاحية:** إدارة رابرين، سكان إدارة رابرين، الكثافة الزراعية، القوى العاملة الزراعية (نباتية وحيوانية).

**كيفية اقتباس البحث**

حسن ، دلێر خاليد ، بێستون احمد حسين ، دور السكان في التنمية الزراعية في إدارة رابرين,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، تشرين الأول٢٠٢٦, المجلد:١٦, العدد:١٠ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**Registered مسجلة في**
**ROAD**

**Indexed مفهرسة في**
**IASJ**

# دور السكان في التنمية الزراعية في إدارة رابرين

## The role of the population in agricultural development in the Rapirin administration

**1-** L. Dler Khalid Hassan
Geography dep , College: Humanities, University of Raparin, City: Rania, Kurdistan Region, Iraq
٠٧٥٠١١٢٣٢٦٧mail : dler.khalid@uor.edu.krd Mobile N:
**2-** P.D. Bestun Ahmed Hussein
Geography dep, College: Humanities, Universit of Raparin, City: Rania, Kurdistan Region, Iraq
Mail bestoon.78@uor.edu.krd Mobile N: 07501365748

**Keywords** : Raparin district, population of Raparin district, agricultural density, agricultural workforce (plant and animal).

**How To Cite This Article**
Hassan , Dler Khalid ,Bestun Ahmed Hussein ,The role of the population in agricultural development in the Rapirin administration ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, October 2026,Volume:16, Issue 10.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

**ملخص:**
استنادًا إلى العوامل الطبيعية (المناخ، والتربة، والموارد المائية)، كان ظهور الزراعة السبب الرئيسي للاستيطان البشري في الماضي، يقع إنتاج الأراضي الزراعية واستخدامها وصيانتها على عاتق السكان، يُعتبر السكان أساسًا هامًا للقوى العاملة الزراعية، التي تقوم بأعمال مثل (الزراعة، والحصاد، والتحميل، والتربية، والمراقبة، والتسويق) للمنتجات الزراعية، يمارس السكان الزراعة، والمنتجات مخصصة لهم، فهم يستخدمونها ويطورونها. في هذا السياق، يلعب السكان دورًا هامًا في تعزيز وتطوير الزراعة في أي منطقة. تشمل القوى العاملة في القطاع الزراعي في إدارة رابرين: المزارعين (أصحاب الأراضي الزراعية (المزارعين المحليين)، ومربي الماشية، ومربي الدواجن والأسماك، ومربي النحل، ومربي المعدات الزراعية، والخبراء، والمهندسين، والمشرفين على المشاريع الزراعية، والعمال الزراعيين، بالإضافة إلى بائعي المنتجات الزراعية (النباتات والحيوانات)، والعمال الموسميين، والنساء والفتيات، وغيرهم. تكمن أهمية هذه الدراسة في توضيح عدد ونسبة السكان العاملين في القطاع

الـزراعي في إدارة رابـرين.يهـدف البحـث إلى معرفـة القـوى العاملـة الزراعيـة ومقارنـة الفـروع الزراعيـة (النباتات والحيوانات) وكثافتها ووحداتها الإدارية في إدارة رابرين، وتعزيز قدرات المزارعين من حيث الخبرة الفنية واستخدام العلوم والمعدات والتقنيات الحديثة.مع التركيز على القرى والحفاظ على منتجاتهـا وتسـويقها، بهـدف تطـوير القطـاع الـزراعي في الإدارة مسـتقبلاً، اسـتخدم البحـث أسـاليب إنتاجية وتحليلية ومقارنة.يتكون البحث من ثلاثة محاور: الأول يُعرّف بإدارة رابرين، والثاني يُعرّف بعـدد السـكان وأنـواعهم وتكـوينهم، يتنـاول الموضـوع الثالـث القـوى العاملـة الزراعيـة، وتوزيعهـا، وجغرافيتها، ومقارنة فروعها (النباتات والحيوانات).وخلصت الدراسة إلى عدة استنتاجات هامة. فقد انخفضت نسبة سكان الريف منذ انتفاضة عام ١٩٥٧ من ٨٧% إلى ١٧% في عام ٢٠٢٤، أي تحول السكان من الإنتاج الزراعي إلى استهلاك واستيراد المنتجات الزراعية. وتبلغ نسبة العاملين في الزراعة حوالي ٦% من إجمالي السكان. وتشير التقديرات إلى أن إدارة رابرين تضم قوة عاملة زراعية (نباتية) تبلغ ٨٤%، وقوة عاملة زراعية (حيوانية) تبلغ ١٦%، وكثافة زراعية (نباتية) تبلغ ٣٣ مزارعًا/كم$^2$، معظمهم من الفئة المنتجة ومن الذكور في الإدارة.

**Abstract**

Based on natural factors (climate, soil, and water resources), agriculture was the primary reason for human settlement in the past. The production, use, and maintenance of agricultural land falls on the shoulders of the population. The population is considered a crucial component of the agricultural workforce, which performs tasks such as planting, harvesting, loading, raising, monitoring, and marketing agricultural products. The population practices agriculture, and the products are intended for them; they use and develop them. In this context, the population plays a vital role in promoting and developing agriculture in any region. The agricultural workforce in the Raparin district includes farmers (landowners/local farmers), livestock breeders, poultry and fish farmers, beekeepers, agricultural equipment operators, experts, engineers, agricultural project supervisors, agricultural laborers, as well as sellers of agricultural products (plants and animals), seasonal workers, women and girls, and others. The importance of this study lies in clarifying the number and percentage of the population working in the agricultural sector in the Raparin district. The research aims to identify the agricultural workforce, compare the agricultural branches (plants and animals), their density, and their administrative units in the Raparin district, and enhance farmers' capabilities in terms of technical expertise and the use of modern science, equipment, and technologies. With a focus on villages and the preservation and marketing of their products, with the goal of developing the agricultural sector in the district in the future, the research employed production, analytical, and comparative methods. The research consists of three sections: the first defines the Raparin district; the second defines the population, its types, and composition; and the third addresses the agricultural workforce, its distribution, geography, and a comparison of its branches (plants and animals). The study concluded with several findings. Key findings: The rural population has declined since the 1957 uprising, from 87% to 17% in 2024,

reflecting a shift from agricultural production to consumption and importation of agricultural products. Approximately 6% of the total population is employed in agriculture. It is estimated that the Raparin district has an agricultural (plant) workforce of 84% and an agricultural (animal) workforce of 16%, with a plantation density of 33 farmers per square kilometer, the majority of whom are male and belong to the productive class.

## ڕۆڵی دانیشتوان لە پەرەپێدانی کشتوکاڵ لە ئیدارەی ڕاپەڕین

**3 -م.دلێر خالید حسن**
مامۆستا و خوێندکاری دکتۆرا لە بەشی جوگرافیا، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە- هەرێمی کوردستان- عێراق. dler.khalid@uor.edu.krd .
**4 -پ.ی.د بێستون احمد حسین**
سەرپەرشتیار و سەرۆک بەشی جوگرافیا، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە- هەرێمی کوردستان- عێراق. bestoon.78@uor.edu.krd

**پوختە:**
پاڵپشت بە بنەما سروشتییەکانی( ئاووهەوا، خاک، دەرامەتی ئاو)، پەیدابوونی کشتوکاڵ هۆکاری سەرەکی جێگربوونی مرۆڤ بووە لە ڕابردوودا، بەرهەمهێنان و بەکاربردن و چاودێریکردنی زەوی کشتوکاڵی ئەرکی دانیشتوانە، دانیشتوان بە بنەمایەکی گرنگی هێزی کاری کشتوکاڵی دادەنرێن، وەک (چاندن، کۆکردنەوە، بارکردن، بەخێوکردن، چاودێریکردن، ساغکردنەوە)ی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان، کشتوکاڵکردن لە لایەن دانیشتوانەوە ئەنجامدەدرێت، بەرهەمەکەشی هەر بۆ دانیشتوانە، هەرئەوانیش بەکاری دەهێنن و پەرەی پێدەدەن، لەم ڕوانگەیەوە دانیشتوان ڕۆڵی گرنگیان هەیە لە پێشخستن و پەرەپێدانی کشتوکاڵ لە ناوچەیەکی دیاریکراو. هێزی کاری دانیشتوان کە لە کەرتی کشتوکاڵی کار دەکەن لە ئیدارەی ڕاپەڕین هەریەکە لە (جوتیارانی خاوەن زەوی کشتوکاڵی (ڕەسەن)، خاوەن ئاژەڵ، خاوەن پرۆژەکانی پەلەوەر، ماسی، هەنگەوان، خاوەن ئامێرەکانی کشتوکاڵی، شارەزاو ئەندازیارو سەرپەرشتیارانی پرۆژە کشتوکاڵییەکان، هێزی گەنج لە دەرچووانی بەشە کشتوکاڵیەکان، خاوەن پیشەسازییە کشتوکاڵیەکان، هەروەها فرۆشیارانی بەرهەمە کشتوکاڵیەکان (ڕووەکی، ئاژەڵی)، کرێکارانی وەرزی ،ژنان و کچان هتد...دەگرێتەوە.گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە دەرخستنی ژمارەو ڕێژەی دانیشتوانە کە لە کەرتی کشتوکاڵی کاردەکەن لە ئیدارەی ڕاپەڕین.ئامانجی توێژینەوەکە زانینی هێزی کاری کشتوکاڵی و بەراوردکردنی لقە کشتوکاڵییەکان(ڕووەکی و ئاژەڵی) و چڕییەکان و یەکە کارگێڕییەکانی ئیدارەی ڕاپەڕینە، بەرزکردنەوەی توانای جوتیارانە لە ڕووی شارەزایی هونەری و سوود وەرگرتن لە زانست و ئامێرو تەکنەلۆژیای سەردەم، گرنگی دان بە لادێیەکان و پاراستن و ساغکردەوەی بەرهەمەکانیان، بە مەبەستی پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵ لە ئیدارەکە لە داهاتوودا، لە توێژینەوەکە هەریەکە لە میتۆدی بەربوومی و شیکاری و بەراودکاری بەکارهاتووە، پێکهاتەی توێژینەوەکە لە سێ تەوەرە پێکهاتووە، لە تەوەرەی یەکەم ناساندنی ئیدارەی ڕاپەڕین خراوەتە ڕوو، لە تەوەرەی دووەم ناساندن بۆ ژمارەو جۆرو پێکهاتەی دانیشتوان کراوە، لە تەوەرەی سێ یەم هێزی کاری کشتوکاڵی و دابەشبوونی و جوگرافی و بەراودی لقە ( ڕووەکی، ئاژەڵ)خراوەتەڕوو، لە کۆتایدا بە چەند ئەنجامێکی گرنگ گەیشتوون. کەمبوونەوەی ژمارەی دانیشتوانی لادێیە لە ئیداەی ڕاپەڕین لە ساڵی (١٩٥٧) لە ( ٨٧%) بۆ ( ١٧%) لە ساڵی ( ٢٠٢٤)، واتە گۆڕینی دانیشتوان لە هێزی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی بۆ بەکاربردن و هاوردەکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی، وە ڕێژەی ئەوکەسانەی لە کەرتی کشتوکاڵ کار دەکەن بە نزیکەی لە (٦%) ی دانیشتوانی ئیدارەی ڕاپەڕین دەخەملێنرێت، بە جۆرێک هێزی کاری

کشتوکاڵ(ڕووەکی)(٨٤%)، ڕێژەی هێزی کاری کشتوکاڵ(ئاژەڵداری) لە (١٦%)، چڕی کشتوکاڵی ڕووەکی لە ئیدارەی ڕاپەڕین (٣٣جوتیار/کم٢).کە زۆرترینی لە گروپی بەرهەمهێن و و ڕەگەزی نێری دانیشتوانی ئیدارەکەن.

**کلیلە ووشەکان:** ئیدارەی ڕاپەڕین، دانیشتوانی ئیدارەی ڕاپەڕین، چڕی کشتوکاڵی، هێزی کاری کشتوکاڵی (ڕووەکی و ئاژەڵی).

**پێشەکی:** هێزی کاری کشتوکاڵی یەکێکە لە بنەما مرۆییە گرنگەکان کە ڕۆڵی هەیە لەسەر دەرخستنی ناوچەیەکی کشتوکاڵی، گرنگی پێدانی لە لایەن دانیشتوانەوە، ئەمەش ڕۆڵی هەیە لە پەرەپێدان و پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵی و دابینکردنی ئاسایشی خۆراکی، لەبەر ئەوە جێگای بایەخدانی توێژەرانە.

**کێشەی توێژینەوە:**

1 - ئایا هێزی کاری کشتوکاڵ لە ئیدارەی ڕاپەڕین گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە؟
2 - ئایا جیاوازی هەیە لە نێوان هێزی کاری دانیشتوان لە کەرتی کشتوکاڵی (ڕووەکی و ئاژەڵی)؟

**گریمانەی توێژینەوە:**

1 - گۆڕانکاری ڕوویداوە لە هێزی کاری کشتوکاڵ لە ئیدارەی ڕاپەڕین؟
2 - جیاوازێکی زۆر هەیە لە هێزی کاری دانیشتوان لە نێوان کەرتی کشتوکاڵی (ڕووەکی و ئاژەڵی).

**ئامانجی توێژینەوە:** بریتە لە بەدەستهێنانی داتاو ژمارەو ڕێژەی دانیشتوانە کە لە هێزی کاری کشتوکاڵ کاردەکەن لە ئیدارەی ڕاپەڕین، بەراوردکردنیان بە چڕییە جیاوازەکان، جیاوازی کارکردنی دانیشتوان لە نێوان کاری کشتوکاڵی ڕووەکی وئاژەڵی وسوود وەرگرتن لە داتاو زانیاریەکان بەکارهێنانیان بۆ پەرەپێدانی کشتوکاڵ لە داهاتوودا.

**گرنگی توێژینەوە:** گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە کە داتاو زانیاریمان دەستدەکەوێت سەبارەت بە هێزی کاری کشتوکاڵی ئیدارەی ڕاپەڕین و بەکارهێنان لە پلاندانان و پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵی لە ئیدارەکە، چارەسەرکردنی گرفتەکانی بەردەم پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵی لە ئیدارەکە لە داهاتوودا.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوە هەریەکە لە میتۆدی بەرووبوومی و شیکاری و بەراودکاری بەکارهاتووە، بۆ شیکردنەوە بەراودکردنیان لە نێوان لە نێوان کاری کشتوکاڵی ڕووەکی و ئاژەڵی، دابەشبوونیان بە سەر یەکە کارگێڕییەکانی ئیدارەکە.

**پلانی توێژینەوەکە**:بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە، توێژینەوەکەمان دابەشی سێ تەوەرە کردووە، لە تەوەرەی یەکەم ناساندنی ئیدارەی ڕاپەڕین خراوەتە ڕوو، لە تەوەرەی دووەم ناساندن بۆ ژمارەو جۆرو پێکهاتەی دانیشتوانی ئیدارەکە کراوە، لە تەوەرەی سێ یەم هێزی کاری کشتوکاڵی و دابەشبوونی و جوگرافی و بەراودی لقە ( ڕووەک، ئاژەڵ)خراوەتەڕوو.

**١- تەوەرەی یەکەم: شوێن و پێگەی جوگرافی ئیدارەی ڕاپەڕین:-**

شوێنی جوگرافی، گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، چونکە شوێنی جوگرافی بنەمایەکی سەرەکییە لە دەرخستنی تایبەتمەندی ناوچەکان. شوێنی جوگرافی و فەلەکی(ئەسترۆنۆمی)، خۆی دەبینێتەوە لە هەڵکەوتەی شوێن بە گوێرەی دیاردە جوگرافیەکانی دەوروبەری و بازنەکانی پانی وهێڵەکانی درێژی، کەهۆکاری سەرەکیین لە دیاریکردنی کات و بروجۆری چالاکیە ئابوورییەکان و بەرهەمی کشتوکاڵی لە ناوچەیەکی دیاریکراو.

لە ڕووی شوێنی جوگرافیەوە ئیدارەی ڕاپەڕین[1]، کەوتوتە باکوری خۆرهەڵاتی عێراق و باکوری خۆرهەڵاتی هەرێمی کوردستان و باکوری پارێزگای سلێمانی نەخشەی (١)، لە بەشی باکوری خۆرهەڵاتیەوە بە درێژایی (١٠٤کم٢)، هاوسنوورە لە گەڵ وڵاتی ئێران(محمد،٢٠٢٢،ل١٢)، جگە لە

سنوری نێودەوڵەتی هاوسنورە لەگەڵ هەریەکە لە پارێزگای هەولێرو پارێزگای سلێمانی بە جۆرێک، لە بەشی باکوری هاوسنورە لەگەڵ هەریەکە قەزای ڕواندز وقەزای چۆمان، لە بەشی باکوری خۆرئاوای هاوسنورە لەگەڵ قەزای شەقڵاوە، لە بەشی باشووری خۆرئاوای هاوسنورە لەگەڵ قەزای کۆیە، لە بەشی باشووریەوە بە درێژایی (٦٤,٩٩کم٢)، هاوسنوورە لەگەڵ قەزای دووکان نەخشەی (١). بەرزی لە ئاستی ڕووی دەریا لە ئیدارەی ڕاپەڕین لە نێوان (٤٦٤- ٣٠٩٠) م (داتای دێم ١٥م، بەرنامەی Arc Gis 10.8)، ئەمەش کاریگەری هەیە لە سەر جۆری برو شێوازو بەرهەم وچالاکی کشتوکاڵی.

لە ڕووی کاریگەری شوێنەوە، ئیدارەی ڕاپەڕین شوێنێکی کاریگەری هەیە، بە هۆی ئەوەی کەوتۆتە نێوان دوو پارێزگای سەرەکی لە هەرێمی کوردستان، لە لایەکی ترەوە، کەوتۆتە سەر سنوری نێودەوڵەتی ئێران، وە خاوەن مەرزێکی گرنگی نێودەوڵەتیە، کە بە مەرزی کێلێ(**)دەناسرێت. ئەمەش بۆتە هۆکاری دروستبوونی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و ساغکردنەوەی بەرهەمی کشتوکاڵی لە ناوخۆو هێنانی بەرهەمی کشتوکاڵی لە وڵاتی ئێرانەوە.

لە ڕووی شوێنی ئەسترۆنۆمی (فەلەکیە) وە، ئیدارەی ڕاپەڕین، دەکەوێتە سەر بازنەی پانی (٣٦:٥٦,٢١ °- ٣٦:٨٦:٤٥°) ، باکور ، وە دەکەوێتە سەر هێڵی درێژی (٤٥:٣٢:٦٧ -٤٥,٧٤:٢٢ ە)خۆرهەڵات. نەخشەی (١)

نەخشەی(١)

پێگەو شوێنی جوگرافی ئیدارەی ڕاپەڕین بە گوێرەی پارێزگای سلێمانی و هەرێمی کوردستان و وڵاتی عێراق ٢٠٢٤




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست ١- بە بەرنامەی (Gis.10.8.2) ٢- حکومەتی هەرێمی کوردستان،وەزارەتی پلاندانان ، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ٢٠٢٤، داتایی بڵاوکراوە.

لە ڕووی کارگێڕیەوە ئیدارەی ڕاپەڕین، ئیدارەیەکی سەربەخۆیە، پێکهاتووە لە ئێستاو بە فەرمی(٢) دوو قەزاکە قائیمقامیەتی هەیە، هەریەکە لە قەزاکانی ڕانیەو قەزای پشدەرن، لەگەڵ(١١) ناحیەی تر، وە لە (٤١١) گوند پێکهاتووە، سەنتەری ئیدارەکەش، قەزای ڕانیە، لە ڕووی ڕووبەرەوە، ڕووبەری ئیدارەی ڕاپەڕین ( ٢١٨٧کم٢) خشتەی (١)، کە لە ( ٢٠,٦%) پارێزگای سلێمانی و لە (٢,٦%) خاکی هەرێمی کوردستان پێکدەهێنێ کە ڕووبەرەکەی (٨٣٠٤٦کم٢) (بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی،٢٠٢٤) و (ڕسوڵ،٢٠١٤،ل٣٩).

لە ڕووی ڕووبەرەوە قەزای پشدەر لە پلەی یەکەمدایە بە ڕێژەی لە(٦٤%)، دواتر قەزای ڕانیە دێت بە ڕێژەی لە (٣٦%)، سەبارەت بە ناحیەکانیش، ناحیەی سەنگەسەر زۆرترین ڕووبەری هەیە کە لە (٢٥,٤٢%)ی ، ناوچەی توێژینەوە پێکدەهێنێت، کەمترین ڕووبەریش ناوەندی قەزای ڕانیە کە لە (٢,٨%) ناوچەی توێژینەوە پێکدەهێنێت شێوەی (١).

کەمی و زۆری ڕووبەی یەکە کارگێریەکان کاریگەری هەیە لە سەر شێوازو جۆرو بڕی بەرهەم و چالاکی کشتوکاڵی .

شێوەی (١)

ڕێژەی یەکە کارگێریەکانی ئیدارەی ڕاپەڕین




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (١).

خشتەی(١)

یەکە کارگێریەکان و ڕووبەر و ژمارەی گوندەکانی ئیدارەی ڕاپەڕین ٢٠٢٤

| شوێن | ژ.گوند | | ڕووبەر - کم٢ | کۆ | % | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕانیە | 6 | 132 | 63 | 788 | 3 | 36 |
| چوارقورنە | 14 | | 220 | | 10 | |
| سەرکەپکان | 58 | | 196 | | 9 | |
| حاجیاوا | 18 | | 72 | | 3 | |
| سەرورچاوە | 36 | | 237 | | 11 | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| قەڵادزێ | 49 | 279 | 152 | 1399 | 7 | 64 |
| هێرۆ | 19 | | 109 | | 5 | |
| هەڵشۆ | 61 | | 166 | | 8 | |
| ئیسێوە | 44 | | 117 | | 5 | |
| سەنگەسەر | 66 | | 556 | | 25 | |
| ژاراوە | 40 | | 299 | | 14 | |
| کۆی گشتی | 411 | | 2187 | | 100 | |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە :١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی ،پرۆسەی ژمارە لێدان و گەمارۆسازی، ٢٠٠٩.

٢- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، کۆی ژمارەی پرۆژەی کشتوکاڵی وخزمەتگوزارییەکان بە پێی ناحیەکان، ٢٠١٩.

**٢-تەوەری دووەم : دانیشتوان و هێزی کار ( السكان و الايدي العاملة)**

٢-١-١ ژمارەی دانیشتوان و دابەشبوونی جوگرافیان.

دانیشتوان بنەمایەکی گرنگی هێزی کاری کشتوکاڵین لە جیهان، بە هۆی گۆڕانکاری لە ژیانی مرۆڤایەتی و کۆچکردن لە لادێ وە بۆ شارو بە کارهێنانی ئامێرو تەکنەلۆژیای سەردەم، ساڵانە ئەو کەسانەی لە بواری کشتوکاڵی کار دەکەن لە جیهان ژمارەیان کەم دەبێتەوە، لە ساڵی ٢٠٢٣ لە (٢٦%) دانیشتوانی جیهان لە کەرتی کشتوکاڵ کاریان کردووە، بە جیاوازی شوێنی جوگرافیان، لە هەمان ساڵدا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە (٢٢%) و لە عێراق لە (٨%) بووە، (https://data.albankaldawli.org/indicator/SL.AGR.EMPL.ZS)، لە کاتێکدا ئەوانەی کاریان کردووە لە هەرێمی کوردستان لە کەرتی کشتوکاڵی و دارستان وبەخێوکردن و ڕاوی ماسی لە ساڵی (٢٠١٥) لە (٧,٣%) و لە پارێزگای سلێمانی (١١%) بووە، کە ڕەگەزی نێر بە پلەی یەکەم و ڕەگەزی مێ بە پلەی دووەم دێت لە کارکردن لەو بوارەدا (دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، ٢٠١٦، ل ٨٠ و ٨١ ).

سەبارەت بە ژمارەی دانیشتوانی ئیدارەی ڕاپەڕین لە ساڵی ٢٠٢٤، ژمارەی دانیشتوانی (٤٢٤٢٥٠) کەس بووە، کە لە (١٥%) دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی پێکدەهێنێت لە هەمان ساڵدا،(بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی،٢٠٢٤)، دانیشتوانی ئیدارەکە بە سەر ٢ قەزاو ٩ نۆ ناحیە دابەشبوون خشتەی (٢).

خشتەی(٢)

ژمارەو ڕێژەی (%) و دابەشبوونی جوگرافی دانیشتوان لە ئیدارەی ڕاپەڕین ٢٠٢٤

| | شوێن | ژ.دانیشتوان | | % | |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕانیە | ناوەندی ئیدارەی ڕاپەڕین (ڕانیە) | 111901 | 272973 | 26 | 64 |
| | چوارقورنە | 61945 | | 15 | |
| | حاجیاوا | 67197 | | 16 | |
| | سەروچاوە (بێتواتە) | 22748 | | 5 | |
| | سەرکەپکان | 9182 | | 2 | |
| | قەڵادزێ | 90065 | 151277 | 21 | 36 |
| پشدەر | هێرۆ | 2293 | | 1 | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | هەڵشۆ | | 10308 | 2 | |
| | ژاراوە | | 17322 | 4 | |
| | سەنگەسەر (ناوەدەشت) | | 28108 | 7 | |
| | ئیسێوە | | 3181 | 1 | |
| کۆی گشتی | | | 424250 | 100 | |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، داتایی بڵاونەکراوە،٢٠٢٤.

بە سەرنجدان لە خشتەی (٢) و شێوەی (٢) و نەخشەی (٢)، دابەشبوونی جوگرافی دانیشتوان بەسەر یەکە کارگێڕیەکانی ئیدارەی ڕاپەڕین، لە سەر ئاستی قەزا، زۆرترین ژمارەی دانیشتوان لە ناوەندی ئیدارەی ڕاپەڕین لە قەزای ڕانیە نیشتەجی بوون، بە ڕێژەی لە (٦٤%)، وە قەزای پشدەر بە پلەی دووەم دێت، بەرێژەی لە (٣٦%). لە سەر ئاستی ناوەندی قەزاو ناحیەکانیش زۆرترین ژمارەی دانیشتوان لە هەریەکە لە ناوەندی قەزاکانی ڕانیەو قەڵادزێ و ناحیەکانی حاجیاواو چوارقورنە وسەنگەسەر نیشەجێ بوون، بەرێژەی (٢٦%)، (٢١%)، (١٦%)،(١٥%)، (٧%)وە کەمترین ژمارەی دانیشتوانیش لە هەریەکە لە ناحیەکانی هێرۆ و ئیسێوەن، هەریەکەیان بە ڕێژەی لە (١%) بووە.

ئەم دابەشبوونی دانیشتوانە لە ئیدارەکە کاریگەری دەبێت لە سەر چڕی و هێزی کاری کشتوکاڵی و بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی بەرهەمە کشتوکاڵیەکان (ڕووەکی و ئاژەڵی) لە ئیدارەی ڕاپەڕین بە لەبەرچاوگرتنی ڕێگاو هۆکارەکانی گواستنەوە.

شێوەی (٢)

دابەشبوونی جوگرافی دانیشتوان لە ئیدارەی ڕاپەڕین




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (٢)

نەخشەی (٢)

دابەشبوونی جوگرافی دانیشتوان لە ئیدارەی ڕاپەڕین ٢٠٢٤




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە ١- بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، داتایی بڵاونەکراوە،٢٠٢٤.

٢- بە بەرنامەی (Arc Gis 10.8.2).

## ٢-١-٢ دابەشبوونی ژینگەی دانیشتوان (شاروگوند).

سەبارەت بە دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوان لە ئیدارەی ڕاپەڕین لە ساڵی (٢٠٢٤)، زۆرترین ژمارەی دانیشتوان لە شار نیشتەجێ بوون، بە ڕێژەی لە (٨٣%)، لە بەرامبەردا لە (١٧%)، دانیشتوان لە گوند نیشتەجێ بوون، بە جیاوازی نێوان یەکە کارگێڕیەکانی ئیدارەی ڕاپەڕین، بە سەرنجدان لە خشتەی (٣)، دابەشبوونی ژینگەیی بە سەر دوو گروپ دابەشبوون ، **گروپی یەکەم،** هەریەکە لە قەزاو ناحیەکانی (ڕانیە، قەڵادزێ، حاجیاوا،چوارقورنە، سەروچاوە، ژاراوە)، ڕێژەو ژمارەی شارنشینیان زیارترە لە گوند نشین، لە بەرامبەردا لە **گرووپی دووەم**،هەریەکە لە ناحیەکانی (ئیسێوە، هێرۆ، هەڵشۆ،سەرکەپکان،سەنگەسەر)، ڕێژەو ژمارەی گوندنشین زیاترە لە شارنشین،ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت زۆربەی گروپی یەکەم بەکارهێنەری کشتوکاڵین، گروپی دووەم بەرهەمهێنەری کشتوکاڵین، بە ڕەچاوکردنی بەرهەمی هاوردە بۆ ئیدارەی ڕاپەڕین.

خشتەی (٣)

دابەشبوونی ژینگەی دانیشتوان (شاروگوند) لە ئیدارەی ڕاپەڕین (٢٠٢٤)

| شوێن | شارنشین | % | گوندنشین | % | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| ناوەندی ئیدارەی ڕاپەڕین (ڕانیە) | 106412 | 95 | 5489 | 5 | 111901 |
| چوارقورنە | 52405 | 85 | 9540 | 15 | 61945 |
| حاجیاوا | 62132 | 92 | 5065 | 8 | 67197 |
| سەرچاوە (بێتواتە) | 16702 | 73 | 6046 | 27 | 22748 |
| سەرکەپکان | 3259 | 35 | 5923 | 65 | 9182 |
| قەڵادزێ | 85539 | 95 | 4526 | 5 | 90065 |
| هێرۆ | 761 | 33 | 1532 | 67 | 2293 |
| هەڵشۆ | 3372 | 33 | 6936 | 67 | 10308 |
| ژاراوە | 10450 | 60 | 6872 | 40 | 17322 |
| سەنگەسەر (ناودەشت) | 11525 | 41 | 16583 | 59 | 28108 |
| ئیسێوە | 827 | 26 | 2354 | 74 | 3181 |
| کۆی گشتی | 353384 | 83 | 70866 | 17 | 424250 |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، داتایی بڵاونەکراوە،٢٠٢٤.

گۆڕانکاریەکی زۆر ڕوویداوە لە دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوان( شاروگوند)، لە نێوان ساڵی (١٩٥٧-٢٠٢٤)، لە ئیدارەی ڕاپەڕین، بەجۆرێک لە ساڵی ١٩٥٧، ڕێژەی دانیشتوانی شارنشین لە ئیدارەکە لە (١٣%)، وە گوند نشین لە (٨٧%)،بووە، گۆڕانکارییەکان ساڵ بە ساڵ زیادی کردووە، بە جۆرێک لە ساڵی (٢٠٢٤)، ڕێژەکە پێچەوانەوە بۆتەوە ڕێژەی دانیشتوانی شارنشین بۆتە لە (٨٣%)، وە گوندنشین بۆتە لە (١٧%)، بە هۆکاری سیاسی و ئابووروکۆمەڵایەتی خشتەی (٥)، شێوەی (٣).

ئەم گۆڕانی ڕێژەیەش لە هەرێم و ئیدارەی ڕاپەڕین کاریگەری هەبووە لە سەر گۆڕینی ناوچەکە و پیشەیی دانیشتوانی لە ناوچەکە، لە بەرهەمهێنانەوە بۆ ناوچەو تاکێکی بەکارهێنان و هاوردەکار، چونکە کاری سەرەکی دانیشتوانی لادێ بریتیە لە کشتوکاڵ وئاژەڵداری، وە لادێکان بە سەبەتەی خۆراکی دانیشتوانی



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ١٠

شاردادەنرێن بە تایبەتی لە پێشوودا، لە کاتێکدا پیشەی دانیشتوانی شار بە پێچەوانەوەیە کارگێری و پیشەسازی و بازرگانیە، بە لە بەرچاوگرتنی جیاوازی لە نێوان یەکە کارگێریەکانی ئیدارەی ڕاپەڕین، جگە لەوەش لە ئێستادا زۆربەی کاری کشتوکاڵ و کشتوکاڵی بازرگانی (داخراو،کراوە) لە دەوروبەری شارەکان دەکرێت، بە هۆی نیشتەجێبوونی دانیشتوان لەشارەکان و نزیکی و ئاسانی هۆکاری گوستنەوە.

شێوەی (٣)

گۆڕانی ڕێژەی (%) دابەشبوونی ژینگەیی(شاروگوند) لە ئیدارەی ڕاپەڕین (١٩٥٧-٢٠٢٤).




سەرچاوە:کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی(٥).

**٢-١-٣ دابەشبوونی ڕەگەزی دانیشتوان (نێرو مێ) و گرووپی تەمەن.**

دابەشبوونی ڕەگەزی دانیشتوان (نێرومێ) لە ئیدارەی ڕاپەڕین لە ساڵی ٢٠٢٤، بە شێوەی یەکسان (٥٠%) بووە، بە سەر هەردوو ڕەگەزی دانیشووان (نێرومێ)، خشتەی (٢-٣)، بەشی زۆری لە ڕابردوو ئێستادا، بە تایبەتی کاری کشتوکاڵی لە لایەن ڕەگەزی نێرەوە ئەنجامدراون، وە ڕەگەزی (مێ) یش بە بەردەوامی بەشێوەی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ بەشدارو هاوکاربوون لە ئەنجامدانی چالاکیە کشتوکاڵیەکان (رووەکی و ئاژەڵی)، لە ئێستادا ڕەگەزی نێر بە ڕێژەیی لە (٦٢%)، ڕەگەزی مێ بە ڕێژەی (٣٨%)، بەشداری لە کاری کشتوکاڵی دەکەن لە ئیدارەکە (دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، ٢٠١٦، ل ٨١).

خشتەی (٤)

دابەشبوونی ڕەگەزی دانیشتوان (نێرومێ) لە ئیدارەی ڕاپەڕین (٢٠٢٤)

| شوێن | نێر | % | مێ | % | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| ناوەندی ئیدارەی ڕاپەڕین | 55909 | | 55992 | | 112001 |
| چوارقوڕنە | 30988 | | 30957 | | 61945 |
| حاجیاوا | 33585 | | 33612 | | 67197 |
| سەروچاوە (بێتواتە) | 11395 | | 11353 | | 22748 |
| سەرکەپکان | 4620 | | 4562 | | 9182 |
| قەڵادزێ | 44999 | 50 | 45066 | 50 | 90065 |
| هێرۆ | 1154 | | 1139 | | 2293 |
| هەڵشۆ | 5189 | | 5119 | | 10308 |
| ژاراوە | 8691 | | 8631 | | 17322 |
| سەنگەسەر (ناودەشت) | 14134 | | 13974 | | 28108 |
| ئیسێوە | 1602 | | 1579 | | 3181 |
| کۆی گشتی | 212266 | | 211984 | | 424250 |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، داتای بڵاونەکراوە،٢٠٢٤.

**سەبارەت بە گروپەکانی تەمەن لە ئیدارەکە،** کە ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە سەر هێزی کارکردنی دانیشتوان و هێزی کاری کشتوکاڵی، لە شێوەی (٤) دەردەکەوێت، زۆرترین دانیشتوانی ئیدارەی ڕاپەڕین لە ساڵی ٢٠٢٤، تەمەنیان لە نێوان (١٥-٦٤) ساڵە، کە بە گروپی بەرهەم هێن دادەنرێن، باشترین و گونجاوترین هێزی کاری دانیشتوان و کاری کشتوکاڵیین ، ئەگەر سوودیان لێوەربگیرێت، کە زیاتر لە (٦٥%) دانیشتوانی ئیدارەکە پێکدەهێنن، لە کاتێکدا گروپەکانی تر، گروپی (٥-١٤) ساڵ، کە بە گروپی یارمەتدەری هەردوو گروپەکەی تر دادەنرێن، نزیکەی لە (٣٠%)، دانیشتوانی ئیدارەکە پێکدەهێن، وە گروپی بە تەمەنەکان کە بە گروپی بەکاربەر دادەنرێن، کەمترین ڕێژە لە (٥%)، دانیشتوانی ئیدارەکە پێکدەهێنن.

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ١٠

شێوەی (٤)

گروپەکانی تەمەنی دانیشتوان و ڕێژەی (%) لە ئیدارەی ڕاپەڕین ٢٠٢٤




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە ١- خشتەی (٢). ٢-دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، نیشاندەرە گشتیەکانی هەرێمی کوردستان لە سەرژمێری دانیشتوان وئاڤاهیا، ٢٠٢٤، خشتەی (١)، ل١، داتای بڵاوکراوە.

**٢-١-٤ گەشەی دانیشتوان (سروشتی و کۆچ).**

دانیشتوان بە جیاوازی شوێنی جوگرافی، بە زیادبوون یان بە کەمبوون لە گۆڕانی بەردەوامدان. گەشەی دانیشتوان تەنها دیاردەیەکی سنوردارنیە، بەڵکو ڕەهەندی بەیەکەوە گرێدراو لە ناوخۆدا هەڵدەگرێت، جا پەیوەندی بە تاکەوە یان ژینگەی دەوروبەرەوە هەبێت، گەشەی دانیشتوان یەکێکە لە دیاردە دیمۆگرافیەکان کە لە سەردەمی نوێ سەریهەڵداوە، بەتایبەتی لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو، ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و بەکارهێنانی زیاتری ڕووبەر لە ناوچەیەکی دیاریکراو ، ئەگەر لە گەڵ گەشەی ئابووری هاوسەنگ نەبێت، کاریگەری نەرێنی لە سەر وڵات و ناوچەکە دروست دەکات.

ڕێژەی گەشەی دانیشتوان بە زیادبوونی دانیشتوان دەناسرێتەوە، کە لە ئەنجامی زیادبوونی سروشتی ( مردن ولەدایکبوون)، یان زیادبوونی ناسروشتی (کۆچ)ەوە دروست دەبێت. ئەمەش بنەمایی لێکۆڵینەوەیە لە گۆڕانی قەبارەی دانیشتوان لە ناوچەیەکی دیاریکراودا، ئەمەش بەندە بەزانینی گەشەکردنەوە، وە درێژ دەبێتەوە بۆ پێشبینکردن وخەملاندنی ژمارەی دانیشتوان لە داهاتوودا لە ڕێگەی پێشبینکردنی دانیشتوانەوە، لێکۆڵینەوە لە گەشەی دانیشتوان لە نێوان دوو سەرژمێری ناوەستێت، بەڵکو درێژدەبێتەوە بۆ ئەگەری توانای کۆمەڵگە بۆ خێزانی کە بەشداری لە ئاستەکەدا دەکەن، گەشەی ئابووری و سیاسی و سەرچاوە مرۆییەکان کەتوانایی چوونە ناو چالاکیە ئابووریە جۆراو جۆرەکانی هەبێت.(خلف،٢٠١٧، ص٣٠٨-٣٠٩).


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 10
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

گەشـەی دانیشـتوان لە ئیـدارەی ڕاپەڕیـن لە نێـوان سـاڵانی ١٩٥٧-٢٠٢٤، لە (٢,٧)، کە ئەمەش گەشـەیەکی مـام ناوەنـدو ئاسـایی بـووە، لە کاتێکـدا زۆرتـرین گەشـەی دانیشـتوان لە نێـوان سـاڵانی (١٩٧٧_١٩٨٧)، (١٩٨٧-٢٠٠٢)، لە (٤,٣) و (٣,٧) بـووە، وەکەمتریـنی لە نێـوان سـاڵانی( ١٩٥٧-١٩٦٥)، لە ( ٠،٧) بووە، بە هـۆی گەشـەی سروشتی (لە دایک بـوون و مردن) و گەشـەی ناسروشتی (کـۆچکردن) بە هۆکـاری سیاسـی و ئـابووری و کـۆمەڵایەتی، شـێوەی (٥). بـووە. ئەم گۆڕانکـارییە لە گەشەی دانیشتوان کاریگەری هەبووە لە بەرهەم هێنان و بەکاربردنی بەرهەمی کشتوکاڵی.

خشتەی(٥)

ژمارە دانیشتوان و ژینگەیی دانیشتوان لە ئیدارەی ڕاپەڕین (١٩٥٧-٢٠٢٤)

| ساڵ | قەزا | ژ.دانیشتوان | ژ.دانیشتوان لە ئیدارەی ڕاپەڕین | شارنشین | % | گوندنشین | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1957 | ڕانیە | 36097 | 70642 | 9511 | 13 | 61131 | 87 |
| | پشدەر | 34545 | | | | | |
| 1965 | ڕانیە | 46797 | 90306 | 12655 | 14 | 77651 | 86 |
| | پشدەر | 43509 | | | | | |
| 1977 | ڕانیە | 48157 | 98024 | 33794 | 34 | 64230 | 66 |
| | پشدەر | 49867 | | | | | |
| 1987 | ڕانیە | 77056 | 150658 | 68920 | 46 | 81738 | 54 |
| | پشدەر | 73602 | | | | | |
| 2002 | ڕانیە | 162434 | 259023 | 186160 | 72 | 72863 | 28 |
| | پشدەر | 96589 | | | | | |
| 2009 | ڕانیە | 192558 | 300154 | 250238 | 83 | 49916 | 17 |
| | پشدەر | 107596 | | | | | |
| 2024 | ڕانیە | 272973 | 4224250 | 353384 | 83 | 70866 | 17 |
| | پشدەر | 151277 | | | | | |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە :١- بە بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، داتایی بڵاونەکراوە،٢٠٢٤.

3 -محمد، ٢٠٢٢، ل ١٥٠-١٥١.

شێوەی (٥)

گەشەی دانیشتوان لە ئیدارەی ڕاپەڕین (١٩٥٧-٢٠٢٤)




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە: ١- خشتەی (٥). ٢- هاوکێشەی لای خوارەوە (الحديثي،١٩٨٨،ص٢٩١ ) و ( Clarkk,1972,p146).

$$r = (t\sqrt{\frac{p1}{p0}} - 1) \times 100$$

r = ڕێژەی گەشەی ساڵانە

p1 = ژمارەی دانیشتوان لە دواین سەرژمێری

P0 = ژمارەی دانیشتوان لە سەرژمێری یەکەم

T= ماوەی نێوان دووسەرژمێری

**٣-تەوەرەی سێ یەم: هێزی کاری کشتوکاڵی (ڕووەکی و ئاژەڵی)**

هێزی کاری دانیشتوان کە لە کەرتی کشتوکاڵی کار دەکەن لە ئیدارەی ڕاپەڕین هەریەکە لە (جوتیارانی خاوەن زەوی کشتوکاڵی (ڕەسەن)، خاوەن ئاژەڵ، خاوەن پرۆژەکانی پەلەوەر، ماسی، هەنگەوان، خاوەن ئامێرەکانی کشتوکاڵی، شارەزاو ئەندازیارو سەرپەرشتیارانی پرۆژە کشتوکاڵییەکان، هێزی گەنج لە دەرچووانی بەشە کشتوکاڵیەکان، خاوەن پیشەسازییە کشتوکاڵیەکان، هەروەها فرۆشیارانی بەرهەمە کشتوکاڵیەکان (ڕووەکی، ئاژەڵی)، کرێکارانی وەرزی ،ژنان و کچان هتد...دەگرێتەوە.

**٣-١ هێزی کاری کشتوکاڵی (ڕووەکی)**

**٣-١-١ چڕی گشتی، چڕی گوند نشین، چڕی کشتوکاڵی**

جۆرەکانی چڕی جۆراوجۆرن لەوانە:چڕی گشتی، چڕی فیسۆلۆجی(پوخت)، چڕی گوندنیشن، چڕی کشتوکاڵی، چڕی ئابووری، چڕی شارستانی، ئەوەی ئێمە لێرەدا باسی دەکەین ئەمانەی لای خوارەوەن:-



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 10
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

**چڕی گشتی :** به چڕی جوگرافیش دەناسرێت، ئەم پێوەرە بۆ یەکەم جار لە لایەن جوگرافیناسی ئێرلەندی (Henry Harness)، ۱۸۳۷بەکارهێنرا کم۲( حسین،۲۰۲٤، ل٥٢-٥٥). سادەترین

وبەکارهێنراوترین و بەربڵاوترین جۆری پێوانەیە کە لە توێژینەوەکانی دانیشتوان بەکاردەهێنرێت، کە پەیوەندی نێوان دانیشتوان و زەویە، واتە کۆی ژمارەی دانیشتوانی ناوچەک لە یەکەیەکی ڕووبەری دیاریکراودا .

چڕی گشتی = کۆی گشتی ژمارەی دانیشتوانی ناوچەیەک(کەس) ÷ کۆی ڕووبەری ناوچەکە (کم۲، یان دۆنم)

**چڕی لادێنشین:** جۆرێکە لە جۆرەکانی چڕی،کە لە توێژینەوەکانی دانیشتوان بەکاردەهێنرێت، پەیوەندی نێوان ژمارەی دانیشتوانی گوندنیشن و کۆی ڕووبەری زەوی شیاوی کشتوکاڵی، دەخاتەڕوو.

چڕی گوندنیشن= ژمارەی دانیشتوانی گوندنیشن(کەس) ÷ کۆی ڕووبەری زەوی شیاوی کشتوکاڵی (کم۲، یان دۆنم)

**چڕی کشتوکاڵی:** جۆرێکە لە جۆرەکانی چڕی، کە کە لە توێژینەوەکانی دانیشتوان بەکاردەهێنرێت، پەیوەندی نێوان ژمارەی جوتیار لە ناوچەیەکی دیاریکراو وکۆی ڕووبەری زەوی چێندراوی کشتوکاڵی دەخاتەڕوو.

چڕی کشتوکاڵی = ژمارەی جوتیار لە ناوچەیەکی دیاریکراو(کەس) ÷ کۆی ڕووبەری زەوی چێندراوی کشتوکاڵی (کم۲، یان دۆنم) (الحديثي،۲۰۰۰،ص 308).

بەمەبەستی دەرخستنی هێزی کاری کشتوکاڵی ڕووەکی و هەرسێ جۆرەکانی چڕی و جیاوازیان، بە خشتەیەک لە خشتەی (٦)، چڕیەکان لە ئیدرەی ڕاپەڕین دەخەینەڕوو.

خشتەی (٦)

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ١٠

جۆرەکانی چڕی دانیشتوان (*) لە ئیدارەی ڕاپەڕین بە کم٢ (**)

| شوێن | ژ.دانیشتوان ک.گ | ڕووبەر کم٢ | چڕی گشتی: چڕی گشتی کەس/کم٢ | ژ.د.گوندنشین | چڕی گوندنشین (لادێ نشین): ڕووبەری زەوی شیاوی کشتوکاڵی کم٢ | چڕی گوندنشین (لادێ نشین): چڕی گوندنشین کەس/کم٢ | چڕی کشتوکاڵی: ڕووبەری چێندراو /کم٢ | چڕی کشتوکاڵی: ژ.جوتیار | چڕی کشتوکاڵی: % | چڕی کشتوکاڵی: چڕی کشتوکاڵ جوتیا ر/کم٢ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕانیە | 111901 | 63 | 1,776.20 | 5489 | 61.8 | 185 | 253.5 | 7000 | 39.5 | 27.6 |
| سەرکەپکان | 9182 | 196 | 46.8 | 5923 | | | | | | |
| چوارقورنە | 61945 | 220 | 281.5 | 9540 | 71.3 | 205 | | | | |
| حاجیاوا | 67197 | 72 | 933.2 | 5065 | | | | | | |
| سەروچاوە (بێتواتە) | 22748 | 237 | 95.9 | 6046 | 82.8 | 73 | 52.2 | 2131 | 12 | 40.8 |
| قەڵادزێ | 90065 | 152 | 592.5 | 4526 | 93.8 | 48 | 106 | 4500 | 25.4 | 42.4 |
| هێرۆ | 2293 | 109 | 21 | 1532 | 20.9 | 73 | | | | |
| هەڵشۆ | 10308 | 166 | 6.2 | 6936 | 30.8 | 225 | | | | |
| ئیسێوە | 3181 | 117 | 27.1 | 2354 | 16.7 | 141 | | | | |
| ژاراوە | 17322 | 299 | 57.9 | 6872 | 43.4 | 158 | 55.4 | 1550 | 8.7 | 27.9 |
| سەنگەسەر (ناودەشت) | 28108 | 556 | 50.5 | 16583 | 74 | 224 | 66.5 | 2500 | 14.1 | 37.5 |
| کۆی گشتی/ تێکڕا | 424250 | 2187 | 194 | 70866 | 495.5 | 143 | 533.6 | 17681 | 100 | 33.1 |


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 10
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

سەرچاوە : کاری توێژەر پشت بەست بە ١- خشتەی (١).٢- خشتەی (٢)، ٣- وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی ڕاپەڕین،٢٠٢٤داتای بڵاونەکراوە. ٤-بەڕێوەبەربەریەتی کشتوکاڵی پشدەر، ٢٠٢٤داتای بڵاونەکراوە.

**یەکەم: چڕی گشتی**

پشت بەست بە خشتەی (٦)، چڕی گشتی لە ئیدارەی ڕاپەڕین لە ساڵی ٢٠٢٤، گەیشتۆتە (١٩٤کەس/کم٢)، بەم شێوەی لای خوارەوەیە.

1 - بە پلەی یەکەم زۆرترین چڕی دانیشتوان لە هەریەکە لە قەزاو ناحیەکانی ناوەندی قەزای ڕانیە (١٧٧٦کەس/کم٢)، ناحیەی حاجیاوا (٩٣٣,٢کەس/کم٢)، شاری قەلادزێ (٥٩٢,٥کەس/کم٢)،) بووە، هۆکاری بەرزی چڕی دانیشتوانیش لەم شوێنانە، بە هۆی گونجاوی سروشتی بەرزی و نزمی (دەشت) و ناوەندی کارگێڕی و کۆبوونەوەی دانیشتوانە،بە هۆی گەشەی سروشتی و کۆچەوە هەروەها کەمی ڕووبەریان بە بەراورد بە ناوچەکانی بە ژمارەی دانیشتوانەکەیان. ئەمەش کاریگەری هەیە لە سەر بەکارهێنانی زەوی کشتوکاڵی.

2 - کەمترین چڕی گشتی لەئیدارەی ڕاپەڕین دەکەوێتە ناحیەکانی هەڵشۆ (٦,٢کەس/کم٢)، هێرۆ (٢١کەس/کم٢)، ئیسێوە (٢٧,١کەس/کم٢)، هۆکاری کەمی چڕی گشتی لەو سێ ناحیەیە، بە هۆی سروشتی بەرزو نزمی (ناوچەی شاخاوی ناوچەکە و دووریان لە سەنتەری ئێدارەکە و کەمی ژمارەی دانیشتوانەوەیە.

هەریەکە لە (٥) پێنج ناوەندەکانی تری نیشتەجێبوون (خشتەی (٥) لە ئیدارەی ڕاپەڕین بە پلەی مام ناوەند دێن لە ڕووی چڕی گشتی دانیشتوانەوە.

**دووەم: چڕی گوندنشین و چڕی کشتوکاڵی**

لە ڕووی چڕی گوندنشینەو جیاوازی هەیە لە نێوان ناوەندی قەزاو ناحیەکان، وەک لە خوارەوە ڕوونکراوەتەوە.

چڕی گوندنشین لە ئیدارەی ڕاپەڕین دەگاتە (١٤٣کەس/کم٢)، ئەمەش بە بەراورد بە چڕی گشتی (٥١) کەس کەمترە لە ١کم٢، لە سەر ئاستی ئیدارەکە، زۆرترین چڕی گوندنشینی لە هەریەکە لە ناحیەکانی هەڵشۆ(٢٢٥کەس/کم٢)، سەنگەسەر(٢٢٤کەس/کم٢)، بە هۆی زۆری ژمارەی دانیشتوانی گوندنشین بە بەراورد بە ڕووبەری زەوی کشتوکاڵی، کەمترین چڕی گوند نشینی لە هەریەکە لە ناوەندی قەڵادزێ(٤٨کەس/کم٢)، و ناحیەکانی هێرۆ و سەروچاوەن هەریەکەیان (٧٣کەس/کم٢)، بە هۆی فراوانی ڕووبەری کشتوکاڵی بە بەراورد بە ژمارەی دانیشتوانی گوندنشین. هەریەکە لە (٦) شەش ناوەندەکانی تری نیشتەجێبوون خشتەی (٦) لە ئیدارەی ڕاپەڕین بە پلەی مام ناوەند دێن لە ڕووی چڕی گوندنشینیەوە.

سەبارەت به چڕی کشتوکاڵیش پاڵپشت به خشتەی (٦)، له ئیدارەی ڕاپەڕین دەگاتە (٣٣,١ جوتیار/کم٢). که بەگشتی جیاوازێکی زۆر لە نێوانیان دانیە.دەتوانین دابەشی سێ گروپیان بکەین بەم شێوەیەی خوارەوە.

**گروپی یەکەم: زیاتر له (٢٥ کەس (ژمارەی جوتیار (*) /کم٢):** که هەریەکە ناوەندی قەزای ڕانیە بە ناحیەکانی چوارقورنە و حاجیاوا و سەرکەپکانی لە گەڵی هەژمارکراوە لە گەڵ ناحیەی ژاراوە چڕی کشتوکاڵیان یەک بە دوای یەکدا (٢٧،٦، ٢٧،٩ ) بووە، کەمتر بووە لە چڕی کشتوکاڵی لە ئیدارەی ڕاپەڕین (٣٣،١)کەس/کم٢)، وە ڕێژەی جوتیارەکانی یەکە بەدوای یەکدا (٣٩،٥%) و(٨،٧%)( سەرجەمی جوتیارانی ئیدارەی ڕاپەڕین ،هۆکاری کەمی چڕی کشتوکاڵی لەم شوێنانە، دەگەڕێتەوە بۆ زۆری ژمارەی جوتیار وکەمی ڕووبەری داچێنراوی کشتوکاڵی و زەوی شیاوی کشتوکاڵی .

**گروپی دووەم: زیاتر له (٣٥ کەس /کم٢):** که ناحیەی سەنگەسەر (ناودەشت) دەگرێتەوە چڕی کشتوکاڵی (٣٧،٥ ) بووە، زیاتر بووە لە چڕی کشتوکاڵی لە ئیدارەی ڕاپەڕین (٣٣،١)کەس/کم٢)، وە ڕێژەی جوتیارانی (١٤،١%) سەرجەمی جوتیارانی ئیدارەی ڕاپەڕین .

**گروپی سێ یەم: زیاتر له (٤٠ کەس /کم٢):** که هەریەکە ناوەندی قەزای پشدەر بە ناحیەکانی هێرۆ وهەڵشۆو ئیسێوەی لە گەڵی هەژمارکراوە لە گەڵ ناحیەی سەروچاوە چڕی کشتوکاڵیان یەک بە دوای یەکدا (٤٢،٤، ٤٠،٨ ) بووە، زیاتر بووە لە چڕی کشتوکاڵی لە ئیدارەی ڕاپەڕین (٣٣،١)کەس/کم٢)، وە ڕێژەی جوتیارەکانی یەکە بەدوای یەکدا (٢٥،٤%) و(١٢%) سەرجەمی جوتیارانی ئیدارەی ڕاپەڕین ، هۆکاری زیاتر چڕی کشتوکاڵی لەم شوێنانە، دەگەڕێتەوە بۆ کەمی ژمارەی جوتیار و زۆری ڕووبەری داچێنراوی کشتوکاڵی و زەوی شیاوی کشتوکاڵی .

### ٣-٢: هێزی کاری دانیشتوان لە کەرتی کشتوکاڵ(ئاژەڵ)ی لە ئیدارەی ڕاپەڕین

سامانی ئاژەڵی دووەم لقی گرنگ و سەرەکی کەرتی کشتوکاڵییە، کە خۆی دەبینێتەوە لە (ئاژەڵی سەرەکی، سامانی پەلەوەر، ماسی ، هەنگ)، هەروەک چۆن دانیشتوان ڕۆڵێکی گرنگ دەبینین لە کەرتی کشتوکاڵی (ڕووەکی)، کە بەرهەمی هاوینە زستانە وباخداری دووەم دەگـرێتەوە، کە لە تەوەرەی دووەم باسکرا، بەهەمان شێوە دانیشتوان ڕۆڵی سەرەکی دەبینین لە کارکردن و پەرەپێدانی سامانی ئاژەڵی لە ئیدارەی ڕاپەڕین.

هێزی کاری کشتوکاڵ لە سامانی ئاژەڵی لە ئیدارەی ڕاپەڕین، ئەگەر بەراوردی بکەین بە هێزی کاری دانیشتوان لە کاری کشتوکاڵی ڕووەکی، ئەوا ژمارەو ڕێژەی ئەوانەی کاردەکەن لە هێزی کاری کشتوکاڵی ڕووەکی (٨٤%) زۆر زیاترە بەبەراورد بەوانەی لە هێزی کاری کشتوکاڵ لە سامانی ئاژەڵی کاردەکەن کە لە (١٦%)، ئەمەش پەیوەندی بە چەند هۆکارێکەوە هەیە، لە گرنگترینیان ئاسانی کاری کشتوکاڵی ڕووەکیە بە بەراورد بە کاری کشتوکاڵی ئاژەڵی شێوەی (٦).

شێوەی (٦)

ژمارەی دانیشتوان لە هێزی کاری کشتوکاڵی (ڕووەکی و ئاژەڵی)




کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەکانی ( ٢ و ٧).

هێزی کاری کشتوکاڵی ( دانیشتوان) لە کەرتی کشتوکاڵی (ئاژەڵی)، لە ئیدارەی ڕاپەڕین بەم شێوە بووە، خشتەی (٧)

خشتەی (٧)

ژمارەو ڕێژەی (%) هێزی کاری کشتوکاڵی (ئاژەڵی) لە ئیدارەی ڕاپەڕین

| % | هەنگەوان | % | پرۆژەی ماسی | % | پرۆژەی پەلەوەر | % | خاوەن ئاژەڵ | شوێن |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 10.6 | 96 | 3.8 | 7 | 4 | 8 | 3.5 | 76 | ڕانیە |
| 19 | 173 | 30 | 55 | 24 | 47 | 4 | 86 | چوارقورنە |
| 1.1 | 10 | 0 | 0 | 0.5 | 1 | 4.6 | 98 | سەرکەپکان |
| 1.9 | 17 | 9.7 | 18 | 6 | 12 | 4.7 | 100 | حاجیاوا |
| 14.6 | 132 | 15.3 | 28 | 10.7 | 21 | 7 | 148 | بێتواتە |
| 47.2 | 428 | 58.8 | 108 | 45.2 | 89 | 23.8 | 508 | ک.گشتی قەزا |
| 8 | 72 | 24 | 44 | 16.3 | 32 | 8 | 172 | قەڵادزێ |
| 9.7 | 88 | 0 | 0 | 7.7 | 15 | 15.4 | 330 | هەڵشۆ |
| 4.5 | 41 | 1 | 2 | 2.6 | 5 | 5 | 104 | هێرۆ |
| 4.4 | 40 | 0 | 0 | 1.5 | 3 | 8 | 176 | ئیسێوە |
| 14 | 126 | 13.1 | 24 | 17.9 | 35 | 21 | 448 | سەنگەسەر |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژاراوە | 405 | 18.8 | 17 | 8.7 | 5 | 2.7 | 111 | 12.2 |
| ک.گشتی قەزا | 1635 | 76.2 | 107 | 54.7 | 75 | 40.8 | 478 | 52.8 |
| کۆی گشتی | 2143 | 100 | 196 | 100 | 183 | 100 | 906 | 100 |
| % | 63 | | 6 | | 5 | | 26 | |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی ڕاپەڕین، ٢٠٢٥، داتای بڵاونەکراوە.

لە خشتەی (٧) دەردەکەوێت، ژمارەو ڕێژەی هێزی کاری دانیشتوان کە بەشێوەی ڕاستەوخۆو سەرەکی کاردەکەن لە سامانی ئاژەڵی لە ئیدارەی ڕاپەڕین (*)لە نێوان کەرتەکانی سامانەکە جیاوازە، بە جۆرێک زۆرترین هێزی کاری دانیشتوان لە سامانی ئاژەڵی، لە ئاژەڵی سەرەکیە ،کە خۆی دەبینێتەوە لەو کەسانەی کار دەکەن (خاوەن ئاژەڵەکان) لە بەخێوکردنی (مەڕ، بزن، مانگا، گامێش) لە ناوچەکە، بە پلەی یەکەم دێت، لە (٦٣%)لە هێزی کاری ئاژەڵی پێکدەهێنن، وە بەپلەی دووەم ژمارەی هەنگەوانەکانن کە لە (٢٦%) هێزی کاری سامانی ئاژەڵی پێکدەهێنن لە ئیدارەکە، بە پلەی سێیەم ئەوانە دێن لە پرۆژەکانی بەخێوکردنی پەلەوەر کاردەکەن، لە (٦%) هێزی کارەکە پێکدەهێنن، بە پلەی چوارەم و کۆتایی ئەوانە دێن کە لە پرۆژەکانی بەخێوکردنی پەلەوەر کار دەکەن لە (٥%) هێزی دانیشتوان لە کاری کشتوکاڵی پێکدەهێنن.شێوەی (٧)

شێوەی (٧)

ڕێژەی% هێزی کاری دانیشتوان لە کەرتی کشتوکاڵ (ئاژەڵ)ی لە ئیدارەی ڕاپەڕین ٢٠٢٤




کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (٧)

سەبارەت بە دابەشبوونی جوگرافی دانیشتوان لەهێزی کاری کشتوکاڵ (ئاژەڵ)ی ، لە ئیدارەی ڕاپەڕین وەک لە خشتەی (٧) خراوەتەڕوو، بەم شێوەیە بووە.

1 - قەزای پشدەر بە پلەی یەکەم دێت لە ڕێژەی ئەوانەی خاوەن ئاژەڵن لە ئیدارەی ڕاپەڕین بە ڕێژەی لە (٧٦,٢%)، ئەمەش بە هۆی زۆری ژمارەی ئاژەڵ لەم قەزایە، بە پلەی دووەم قەزای ڕانیە دێت بە ڕێژەی (٢٣,٨%)، سەبارەت بە ناحیەکانیش زۆرترین ژمارەو ڕێژەی خاوەن ئاژەڵەکان لە هەریەکە لە ناحیەکانی سەنگەسەر (٢١%)، ژاراوە (١٨,٨%)، هەڵشۆ (١٥,٤) ن، بە هۆی زۆری ژمارەی ئاژەڵ وگونجاوی و دەوڵەمەندی بنەما سروشتیەکانی ناوچەکە. لە کاتێکدا کەمترین ژمارەو ڕێژەی خاوەن ئاژەڵیش لە هەریەکە لە ناوەندی قەزای ڕانیە (٣,٥%) ، چوارقوڕنە ( ٤,٦%)، سەرکەپکانن (٤,٧%)، هۆکاری کەمی ژمارەی خاوەن ئاژەڵیش لەم ناوچانە، جگە لەوەی ناوەندی شاری ڕانیە و چوارقوڕنە کە کەمتر ئاژەڵی تێدا بەخێودەکرێت، بەڵام بۆ ناحیەی سەرکەپکان ئەمە هۆکاری سەرەکی نیە، بەڵکو هۆکاری کەمی ژمارەی خاوەن ئاژەڵ دەگەڕێتەوە بۆ هەژمارنەکردن و نەکوتانی ئاژەڵەکانی ناوچەکە، بە ئەمەش خاوەن ئاژەڵەکان بە سوود مەندبوو هەژمار ناکرێن، بۆیە ژمارەی خاوەن ئاژەڵەکان کەم دەبێتەوە لەم ناوچەیە.

2 - سەبارەت بە دابەشبوونی جوگرافی ئەو کەسانەی لە پرۆژەکانی پەلەوەر (خاوەن پرۆژەکانی پەلەوەر) کار دەکەن لە ئیدارەی ڕاپەڕین، قەزای پشدەر بە پلەی یەکەم دێت بە ڕێژەی لە (٥٤,٧%)، بە هۆی زۆری ژمارەی پرۆژەکانی پەلەوەر لەم قەزایە، بە پلەی دووەم قەزای ڕانیە دێت بە ڕێژەی (٤٥,٢%)، سەبارەت بە ناحیەکانیش زۆرترین ژمارەو ڕێژەی خاوەن پرۆژەکانی پەلەوەر لە هەریەکە لە ناحیەکانی چوارقوڕنە (٢٤%)، سەنگەسەر (١٧,٩%)، ناوەندی قەزای پشدەرن (١٦,٣%)، بە هۆی زۆری پرۆژەکانی پەلەوەر وگونجاوی و دەوڵەمەندی بنەما سروشتیەکانی ناوچەکە.وە کەمترین ژمارەو خاوەن ئاژەڵیش لە هەریەکە لە ناحیەکانی سەرکەپکان (٠,٥%) ، ئیسێوە ( ١,٥%)، هێرۆ (٢,٦%)، هۆکاری کەمی ژمارەی پرۆژەکانی پەلەوەر لە ناوچانە جگە لەدووری لە سەنتەری شارەکان بەتایبەتی ناحیەکانی (ئیسێوەو هێرۆ) و کەمی ژمارەی دانیشتوان و نەگونجانی بنەما سروشتی ومرۆییەکانی ناوچەکەیە.

3 - ژمارە و ڕێژەی خاوەن پرۆژەکانی بەخێوکردنی ماسی لە ئیدارەی ڕاپەڕین جیاوازن لە نێوان یەکە ئیداریەکانی ناوچەکە، بە جۆرێک خاوەن پرۆژەکانی ماسی لە قەزای ڕانیە بە پلەی یەکەم دێن بە ڕێژەی لە (٥٨,٨%)، بە هۆی زۆری ژمارەی پرۆژەکانی ماسی لەم قەزایە، وە قەزای پشدەر بە پلەی دووەم دێت بە ڕێژەی (٤٠,٨%)، سەبارەت بە ناحیەکانیش زۆرترین ژمارەو ڕێژەی خاوەن پرۆژەکانی ماسی لە هەریەکە لە ناحیەکانی چوارقوڕنە (٣٠%)، بێتوانە (١٥,٣%)، سەنگەسەرن (١٣,١%)، بە هۆی زۆری پرۆژەکانی بەخێوکردنی ماسی وگونجاوی و دەوڵەمەندی بنەما سروشتیەکانی ناوچەکە.وە کەمترین ژمارەو خاوەن پرۆژەی ماسی لە هەریەکە لە ناحیەکانی سەرکەپکان ئیسێوە و هەڵشۆ هیچ پرۆژەیەکی ماسی بەخێوکردنی ماسی

تێدانیە، هۆکاری نەبوونی پرۆژەکانی بەخێوکردنی ماسی لە ناوچانە جگە لەدووری لە سەنتەری شارەکان بەتایبەتی ناحیەکانی (ئیسێوەو هێرۆ) وکەمی ژمارەی دانیشتوان و نەگونجانی بارودۆخی بنەما سروشتی و مرۆیەکانی ناوچەکەیە.

4 - سەبارەت بە ژمارەو رێژەی هەنگەوانەکان لە ئیدارەی ڕاپەڕین، قەزای پشدەر بە پلەی یەکەم دێت بە رێژەی لە (٥٢,٨%)، بە هۆی زۆری ژمارەی هەنگ لەم قەزایە ودەوڵەمەندی بنەما سروشتییەکان، وە قەزای ڕانیە بە پلەی دووەم دێت بە رێژەی (٤٧,٢%)، سەبارەت بە ناحیەکانیش زۆرترین ژمارەو رێژەی هەنگەوان لە هەریەکە لە ناحیەکانی چوارقورنە (١٩%)، بێتواتە (١٤,٦%)، سەنگەسەرن(١٤%)، بە هۆی زۆری هەنگەوان وگونجاوی و دەوڵەمەندی بنەما سروشتیەکانی وکۆبونەوەی دانیشتوان لە ناوچەکە. وە کەمترین ژمارەو هەنگەوان لە هەریەکە لە ناحیەکانی سەرکەپکان ( ١,١% )، حاجیاوا (١,٩%) ئیسێوە ( ٤,٤%) کەمی ژمارەی هەنگەوان لە ناحیەی حاجیاوا بە هۆی نەگونجانی ژینگەیی ناوچەکەیە ، بەڵام لە ناحیەکانی (سەرکەپکان و ئیسێوە) دەگەڕێتەوە بۆ کەمی ژمارەی دانیشتوان .

جگە لە وکەسانەی بە شێوەی ڕاستەوخۆ کار دەکەن لە کەرتی کشتوکاڵی (ڕووەک و ئاژەڵ)ی، لە ئیدارەی ڕاپەڕین، بەشێکی دیکەی دانیشتوانی ئیدارەی ڕاپەڕین، بە شێوەی ناڕاستەوخۆ یان کاری دووەمیان لە کەرتی کشتوکاڵە (ڕووەکی وئاژەڵی)، وەک ئەوانەی لە کارگەکانی پیشەسازی خۆراکی و ناخۆراکی کشتوکاڵی کار دەکەن کە ژمارەیان (١١٢٥) کەسە،وە ئەوکەسانەی ئامێرە کشتوکاڵیەکان بەکاردەهێنن کە ژمارەیان(١٨٣٨)کەسە، ئەوانەی لە کۆمانیا و نەخۆشخانە وکلینک وپزیشکە ڤێتێرنەریەکان کاردەکەن کە ژمارەیان (٧٩) کەسە، هەروەها خاوەن دوکانی بەرهەمە ڕووەکییەکان (عەلوەکان، سەوزەو میوەفرۆشەکان)، ساردخانەکان، دوکانەکانی بەرهەمە ئاژەڵیەکانی (ئاژەڵی سەرەکی (بەرهەمە سپاییەکان، قەسابخانەو گۆشتفرۆشەکان، پەلەوەر (دوکانەکانی مریشک فرۆش)، ماسی و هەنگ)،پرۆژە ئاژەڵییەکان، ئەمە جگە لەوکەسانەی کە کار دەکەن لە کەرتی گواستنەوە، بۆ گواستنەوەی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان لە ناوخۆو دەرەوەی ئیدارەکە، وە ئەوکەسانەی لە کۆمەڵەو سەندیکا کشتوکاڵیەکان، ئەوانەی بەشێوەی کرێی ڕۆژانە کار لە کەرتی کشتوکاڵی دەکەن هتد... کاردەکەن. بە گشتی کۆی ئەوکەسانەی لە کەرتی کشتوکاڵ کار دەکەن نزیکەی بە( ٢٥,٠٠٠)کەس دەخەملێنرێت، کە دەکاتە نزیکەی لە (٦%)ی دانیشتوانی ئیدارەی ڕاپەڕین.

## دەرئەنجام

١- ئیدارەی ڕاپەڕین دەکەوێتە پارێزگای سلێمانی- هەرێمی کوردستان-عێراق، ژمارەی دانیشتوانی لە ساڵی ٢٠٢٤ (٤٢٤٢٥٠) کەسە، جیاوازی لە هێزی کاری کشتوکاڵی و چڕییەکان هەیە، زیاتر خۆی لە شێوەی خێزانداری دەبینێتەوە، دواتر بازرگانی.

٢- چڕی کشتوکاڵی ڕووەکی لە ئیدارەی ڕاپەڕین (٣٣جوتیار/کم٢).



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 10
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

٣- گۆڕانکاری زۆر ڕوویداوە لە ڕێژەی دانیشتوانی لادێ لە ئیدارەی ڕاپەڕین، لە ساڵی ١٩٥٧ (٨٧%) بۆ (١٧%) لە ساڵی ٢٠٢٤، لە هێزی بەرهەمهێنانەوە بۆ هێزی بەرکاربردن.

٤- زۆربەی ئەوانەی کار دەکەن لە هێزی گەنجن بە ڕێژەی (٦٥%) وە ڕێژەی نێر (٦٢%)لە هێزی کاری کشتوکاڵی زیاترە لە ڕێژەی مێ (٣٨%).

٥- ڕێژەی ئەوانەی لە هێزی کاری کشتوکاڵ(ڕووەکی)(٨٤%) زیاترە لە هێزی کاری کشتوکاڵ)ئاژەڵداری (١٦%).

٦- ژمارەی ئەو کەسانەی لە کەرتی کشتوکاڵ کار دەکەن بە نزیکەی لە (٦%) ی دانیشتوانی ئیدارەی ڕاپەڕین دەخەملێنرێت.

**ڕاسپاردەکان (التوصيات)**

1 - ئەنجامدانی ڕووپێو وسەرژمێریەکی وورد بۆ زانینی ژمارەی ڕاستەقینەی ئەو کەسانەی لە کەرتی کشتوکاڵی کاردەکەن بە شێوەی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ.

2 - تەواوکردنی کارگەی شەکری بتوێن کە لە توانایی دایە هەلی کار بۆ زیاتر لە ١٧٦٠٠ کەس دابین بکات لە داهاتوو.

3 - گرنگی دانان بە بەرزکردنی توانایی شارەزایی ئەو کەسانەی لە بواری کشتوکاڵیەوە کار دەکەن لە چەندایەتی و جۆرەوە (کوالێتیەوە).

4 - سوود وەرگرتن لە زانست و ئامێرو تەکنەلۆژیایی سەردەم بە مەبەستی کەرتی کشتوکال لە ءیدارەی راپەرین.

5 - سوود وەرگرتن لە توانای هێزی گەنجان لە دەرچووانی بەشە کشتوکاڵیەکان

[1]) **ئیدارەی ڕاپەڕین** لە ئێستادا یەکێکە لە چوار ئیدارە سەربەخۆییەکانی هەرێمی کوردستان، ئیدارەکە بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، ژمارە (١٨٠٤) لە ڕێکەوتی (٢-٥-٢-٢٠١١) کراوە بە ئیدارەی سەربەخۆ، لە ئێستادا ناحیەی حاجی ئاوا بە فەرمانی حکومەتی هەرێمی( ئەنجومەنی وەزیران) ژمارە (١٢٨٠) لە ڕێکەوتی (٢٢-٥-٢٠٢٢)، بڕیاری بە قەزابوونی بۆ دەرکراوە، بەڵام لەبەرئەوەی بە فەرمی نەچۆتە بواری جێبەجێکردن، قائیمقامیەتی نیە وەکو ناحیە لە چوارچێوەی قەزای ڕانیە هەژمارکراوە لە توێژینەوەکەمان.

[**]) ئەم دەروازەیە دەکەوێتە باکوری خۆرهەڵاتی ئیدارەی ڕاپەڕین، لە ڕووی شوێنی فەلەکیەوە دەکەوێتە سەر بازنەی پانی (٣٥,٨٠) باکور، هێڵی درێژی (٤٥,٤٦) خۆرهەڵات، لە ناوچەی شاخاوی پێچ خواردووی ئالۆزەوە، لە ڕووی کارگێڕیەوە سەر بە ناحیەی هەڵشۆیە لە قەزی پشدەر،( ٢٩ کم٢) دوورە لە شاری قەڵادزێ، هەردوو ناوچەی سەردەشت لە خۆرهەڵاتی کوردستان، قەزای پشدەر لە ئیدارەی ڕاپەڕین بە یەک دەگەێنێت.( مستەفاوئەوانی تر، ٢٠١٧، ل٢٥١-٢٥٢) ئەم دەروازەیە لە ساڵی ١٩٩١، وە وەک دەروازەیەکی نافەرمی ئالوگۆڕی گەشتیاری و بازرگانی تێدا دەکرێت، بۆتە جموجۆڵی ئابووری لە ناوچەکە، بە هۆی ئەوەی ناوچەیەکی بەرزە(١٩٦٠) مەتر لە ئاستی ڕووی دەریاوە، ساڵانە بڕێکی زۆری باران و بەفری لێدەبارێت، زۆرجار ئاستەنگی هاتووچۆ بۆ ئالوگۆڕی بازرگانی دروست دەکات.



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد /١٦ العدد/١٠

*له چڕی گوندنشین و چڕی کشتوکاڵی بە هۆی نەبووی داتاو زانیاری بە جیا، لە قەزای ڕانیە، ناحیەی سەرکەپکان لە گەڵ ناوەندی قەزای ڕانیە و ناحیەی حاجیاوا لە گەڵ ناحیەی چوارقورنە هەژمارکراون، وە لە قەزای پشدەریش ناحیەکانی هێرۆ و هەڵشۆو ئیسێوە لە گەڵ ناوەندی قەڵادزێ هەژمارکراون.

**بۆ دەرهێنانی چڕی گوندنشینی و کشتوکاڵی، یەکەی ڕووی زەوی لە (دۆنم)ەوە گۆڕدراوە بۆ (کم٢)، کە یەک کم٢= ٤٠٠دۆنم لە پێوەری عێراقی.

(*) بە هۆی نەبوونی ئامارێکی وورد ودروست لە سەر ژمارەی جوتیاران لە قەزاو ناحیەکانی ئیدارەی ڕاپەڕین، جیاوازی هەیە لە نێوان ئامارەکانی ژمارەی جوتیاران، زۆر بە خەملێندراوی هەژمارکراون، بە جۆرێک لە هەندێک لە ئامارەکان ژمارەی جوتیارانی قەزای ڕانیە (٨٥٠-١٠٠٠) جوتیار، قەزای پشدەر بە (٧٠٠-٨٠٠)، جوتیار هەژمار دەکرێت وە هەندێ ئاماری تر کەمتر یان زیاتر هەژمارکراون . (وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی ڕاپەڕین، ٢٠٢٥، داتای بڵاونەکراوە).
) ژمارەو ڕێژەی ئەوانەی لەو داتایانە خراونەتەڕوو، تەنها ئەو کەسانەن کە خاوەن پرۆژەو بەخێوکەری سەرەکین وهەژمارکراون، ئەگەرنا ژمارەکە لەو ڕێژەیە زیاترە کە لەو کارتە کاردەکەن و هەژمارنەکراون.* (

## سەرچاوەکان( المصادر)


1 - ڕەسول، ڕێبین ڕۆستەم(٢٠١٤) ، بایەخی جیۆپۆلەتیکی توخمە سروشیەکانی جوگرافیای هەرێمی کوردستان، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، فەکەڵتی پەروەردە،زانکۆی کۆیە.

2 - حسین، بێستوون احمد(٢٠٢٤) ، جیۆپۆلەتیکی دانیشتوان،چاپخانەی هێڤی،چ١، هەولێر.

3 - محمد،صالح انور(٢٠٢٢)، ئاراستەکانی گەشەی شارنشینی لە ئیدارەی ڕاپەڕین(لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای شار)، زانکۆی ڕاپەڕین،کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەشی جوگرافیا،نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە).

4 - خلف، محمد شلال (2017) ، النمو السکانی و التوسع المساحی لمدینه الحویجه للمده (١٩٧٧-٢٠١٢)، Jornal of al-frahedis Arts nomer 30 2017.

5 - الحديثي، طه حمادي (١٩٨٨)، جغرافية السكان، دارالكتاب للطباعة والنشر، الموصل.

6 - الحديثي ، طه حمادي (٢٠٠٠) ، جغرافية السكان، مطبعة الجامعة الموصل،ط٢ ، الموصل.

7 - مستەفاو ئەوانی تر ( ٢٠١٧)، مەترسیە جیمۆرفۆلۆجیەکان لە سەر گواستنەوەی ناوچەی شاخاویەکانی قەزای پشدەر، ڕێگای مەرزی (کێلێ- سەنتەری قەزای قەڵادزێ) وەک نموونەیەک، توێژینەوەیەک لە جیمۆرفۆلۆجیای جێ بەجێکردن، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ساڵی چوارەم، ژمارە (١٢)، تشرینی یەکەمی ٢٠١٧، ڕانیە.

8 - حکومة اقليم كردستان، وزراة تخطيط، خطة التنمية لاقليم كوردستان للسنوات ٢٠١٥-٢٠١٩، اربيل ، ٢٠١٤.

9 - حکومەتی هەرێمی کوردستان،وەزارەتی پلاندانان ، بەڕیوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ٢٠٢٤




Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 10
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

10 - حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی ،پرۆسەی ژمارە لێدان و گەمارۆسازی، ٢٠٠٩
11 - حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان،دۆخی هێزی کار لە هەرێمی کوردستان، ئەنجەکانی ڕووپێوی کارو بێکاری نیوەی دووەمی ٢٠١٥، خشتەی ٣٤، ٢٠١٦، ل ٨٠ و ٨١.
12 - دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، نیشاندەرە گشتیەکانی هەرێمی کوردستان لە سەرژمێری دانیشتوان وئاقاهیا، ٢٠٢٤، خشتەی (١)، ل١، داتای بڵاوکراوە.
13 - حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، کۆی ژمارەی پرۆژەی کشتوکاڵی وخزمەتگوزارییەکان بە پێی ناحیەکان، ٢٠١٩.
14 - (ڕۆژنامەی وقائع کوردسان،ژ ٢٤، ١٣-١٢-٢٠٢١، ل١-٥.)
15 - (https://data.albankaldawli.org/indicator/SL.AGR.EMPL.ZS)،
16 - بەرنامەی (Arc Gis 10.8.2).
17 -
John I Clarkk, Population Geography, 2nd Edition, Pergaman Press. Oxford, 1972, P146

resources

-١Rasul, Rebin Rostam (2014), Geopolitical Importance of Natural Elements of Kurdistan Region, Master's Thesis (unpublished), Faculty of Education, Koya University.

-٢Hussein, Bestoon Ahmad (2024), Geopolitics of Population, Hevi Printing House, Vol. 1, Erbil.

-٣Mohammed, Saleh Anwar (2022), Directions of Urban Development in Raperin Administration (A Study in Urban Geography), Raperin University, College of Humanities, Department of Geography, Master's Thesis (unpublished.(

-٤Khalaf, Mohammed Shalal (2017), Residential development and spatial expansion of the city of Hawija for the period (1977-2012), Jornal of al-frahedis Arts nomer

-٥Al-Hadithi, Taha Hammadi (1988), Geography of Skan, Dar al-Kitab for Printing and Publishing, Mosul.

-٦Al-Hadithi, Taha Hammadi (2000), Geography of Skan, Mosul University Printing House, Vol. 2, Mosul.

-٧Mustafa and others (2017), Geomorphological risks on the transportation of mountainous areas of Pishdar district, border road (Kele-Qaladze district center) as an example, a study in implementation geomorphology, Raperin University Journal, Fourth Year, No. (12), October 2017, Ranya.

-٨Kurdistan Regional Government, Ministry of Planning, Kurdistan Regional Development Plan for 2015-2019, Erbil,

-٩Kurdistan Regional Government, Ministry of Planning, Sulaimani Statistical Directorate,

-١٠Kurdistan Regional Government, Ministry of Planning, Sulaimani Statistical Directorate, Numbering and Enclosure Process, 2009

-١١Kurdistan Regional Government, Ministry of Planning, Kurdistan Regional Statistical Board, Labor Force Situation in the Kurdistan Region, Results of the Second Half of 2015 Labor and Unemployment Survey, Table 34, 2016, pp. 80 and 81.

-١٢Kurdistan Regional Statistical Board, General Indicators of the Kurdistan Region in the Population Census and Avahiya, 2024, Table (1), p. 1, published data.

-١٣Kurdistan Regional Government, Ministry of Planning, Sulaimani Statistical Directorate, Total number of agricultural and service projects by districts,

) -١٤Kurdish Reality Newspaper, No. 24, 13-12-2021, p. 1-5(.

) -١٥https://data.albankaldawli.org/indicator/SL.AGR.EMPL.ZS,(

-١٦Arc Gis 10.8.2.

-١٧

John I Clarkk, Population Geography, 2nd Edition, Parchment Press. Oxford , 1972 , P146